

هاوڕێ باخەوان- هۆڵەندا

# شاری دوو حاکم!

پاش هەڵبژاردنەکانی ئێراق و کوردستان، ماوەیەکی باشە خەڵکی چاوەڕوانی سەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانەن. هەندێك هەبوون لەسەرەتادا زۆر گەش بین بوون بە سەرکەوتن و ڕۆڵی کورد لەسەرئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام بەدواکەوتنی پراکتیزەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە حکومەتی نوێی ئێراقداو باشتر دەرکەوتنی رووە راستینەکەی شیعەی کۆنە دۆستمان و رووهەڵماڵینی بیرە شۆڤێنییە دژبەکوردەکانیان، تاڕادەیەك ئەم گەشبینییە کەم بووەوە.

دیارە کارێکی تاڕادەیەك ئاساییە دروستکردنی حکومەتی ئێراق بەو جۆرە چەندوچونی لەسەر بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە چوارچێوەی داگیرکەری ئێراق وەك مۆزەخانەی توخمەکان وایەو هەریەك لەلایەك دەیەوێت لەو حکومەتەدا کارمەندێك و چەند ملیۆن دۆلارێك زۆرتری بەدەست بکەوێت. دیارە ئەمەش نەك لە بەرژەوەندی ئەو نەتەوەو ئایینزایانەیە کە نوێنەرایەتیی دەکەن! بەڵکو تەنها بۆ بەرژەوەندی ئەو گروپە رامیارییانەیە کە ئەوان دەمراستێن. هەڵبەت لەناو ئەو گروپە رامیارییانەشدا بەرژەوەندی بنەماڵەیی و کەسی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و هەریەك لەلایەن خۆیەوە خوازیاری ئەوەیە یان خۆی یان کوڕی، ئەگەر هەر نەبوو ئەوا کچەکەی، زاواکەی، ئاوەڵزاواکەی ببێتە خاوەنی پۆستێکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی چەند ملیۆن دۆلارێکی دی..

پاش هەڵبژاردنەکانی کوردستان خەڵکی بەناڕامییەوە چاوەڕوانی نوێکردنەوەی پەرلەمان و یەکگرتنەوەی کارگێڕییەکانی هەردوو سلێمانی و هەولێر بوون. لێ ئەمەش هەروەك پێشتر بووە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی وا کە نەك ئێمە بەڵکو ترۆپکی ئەو دوو لایەنەش نازانن کەی ئەو دوو کارگێڕییە دەگەنەوە بەیەك و حکومەتێکی یەکگرتوو پێکدێنن.

ئاشکرایە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستانیش سنووقێکی تایبەتیی لەتەك پەرلەمانی کوردستان و ئێراق و ریفراندۆمدا هەبوو. ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەر زوو بەزوو سەرئەنجامەکانیان ئاشکرا کراو ئەنجوومەنەکانیان کەوتنەکار. لە سلێمانی یەکێتی زۆرینەو لە هەولێریش پارتی.

ئەم دوو لایەنەی لەمەڕ خۆمان زۆر شانازی بەئاستی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا دەکەن و بەجۆرێك باسی لێوەدەکەن کە بێوێنەیە لەخۆرهەڵاتی ناوین. بەڵام پاش هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پارێزگارەکانی هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە، هێشتا ئەو شارانە دوو حاکمیان هەیە، هێشتا لە کەناڵەکانی راگەیاندنیاندا پارێزگاری سلێمانی ماوەو کەسێکی یەکێتیش وەکو پارێزگاری هەولێر ماوە. لەمەوە بڕوانە ئەوەی کە ئایا (کەی و چۆن) کوردستان و حکومەتەکەی دەبنە یەك حاکم...

٢٠٠٥/٤/٢٣

hawreh@bakhawan.com